# (ڕێنمایی تاقیکردنەوەکان لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان)

پاڵپشــت بە حوکمەکانی بەندی (1) لەمادەی چل و پێنج لە یاســای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان / عێراق ژمارە (10) ساڵی 2008 ئەم ڕێنماییە دەرکرا

## ماددەی یەک :

ئەنجومەنی کۆلێژ لەسـەر پێشـنیاری ئەنجومەنی بەش بەرپرسـیارە لە دیاریکردنی ژمارەی تاقیکردنەوەکانی ناو وەرز و جۆرەکانی و نمرەی کۆشش و شێوازەکانی هەڵسـەنگاندن و بەڕێوەبردن و دابەشـکردنی ڕێژەکان بە پێی تایبەتمەندی بەشە زانستییەکان.

## ماددەی دووەم:

1- مامۆسـتایان لە ڕێگەی لیژنەی تاقیکردنەوەکانەوە بەرپرسـن لە ئامادەکردنی نمرەی کۆشـشی قوتـابی/خوێنـدکار و پرسـیاری تـاقیکردنەوەکـانی کۆتـایی وەرز و وەڵامی نمونەیی و هەڵەچنی پەراوی تاقیکردنەوەکان، بەپێی ئەو خشتەیەی کەلەلایەن ئەنجومەنی بەش دیاری دەکرێت.

2- هەموو چالاکیەکانی پەیوەسـت بە بەڕێوەبردن و ڕێکخسـتنی تاقیکردنەوەکان؛ لە چۆنیەتی و دانانی پرسیاری تاقیکردنەوە و وەڵامی نمونەیی و هەڵسەنگاندن و هەڵەچنین بە شێوەیەکی نهێنی دەبێت.

3- نمرەی قوتـابی/خوێنـدکار لـە دوای تـاقیکردنـەوەی کۆتـایی وەک خۆی هـەژمـار دەکرێـت و هیچ نمرەیەکی بڕیار نادرێت بە قوتابی/خوێندکار.

4- لە کاتی هەبوونی تـانە (پەلـپ) لە ئەنجـامی تـاقیکردنەوەکان لەلایەن قوتـابی/خوێنـدکارەوە ، ئەوا دەتوانێـت داواکاری پێشـکەش بکات بۆ بینینی تێنوسی تاقیکردنەوەکەی بە پێی ئەو ماوە و ڕێکارانەی کە لەلایەن لیژنەی تاقیکردنەوەکان دیاری دەکرێت.

## ماددەی سێهەم :

ئامانجی سـەرەکی پرسـیاری تاقیکردنەوەکان بریتیە لە هەڵسـەنگاندنی توانای قوتابی/خوێندکار لە دەربڕینی ئەو زانیاری و کۆزانی و کارامەییانەی فێربووە، بە جۆرێك کە بتوانێت بە شـێوەیەکی زانسـتی دەریببڕێت و پێشکەشی بکات.

## ماددەی چوارەم:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی مادەی (سێهەم) لەم ڕێنماییانە پێویستە پرسیاری تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

-1 دەبێت پرسیارەکان هەمەجۆر بن و کورت نەبێتەوە لەسەر یەک شێواز . لەهەمانکاتدا هاوسەنگی هەبێت لە نێوان پرسیارەکان. هەروەها دەبێت بە ڕوونی پرسیارەکان پشتبەستوو بێت بە بابەتەکانی ناو پرۆگرامی خوێندن و ڕەنگدانەوەی ئاکامەکانی پرۆسەی خوێندن و فێربوون بێت.

-2 پێویستە پرسیارەکان لە ڕووی دارشتن و زمانەوانییەوە ڕوون و دیاریکراو بن.

-3 نابێت هەموو پرسیارەکان بە شێوازی چۆنایەتی بن . بەڵکو پێویستە دەرفەتی بەراورد کردن و پێکەوە بەستنی بابەتە جیاوازەکانی تێدابێت , هەروەها دەرفەت برەخسێنێت بۆ دەرخستنی توانای تێڕوانینی ڕەخنەیی و بیرۆکەی داهێنەرانەی قوتابیان و خوێندکاران.

-4 دەبێت ڕەچاوی هاوسەنگی نێوان وەڵامە پێویستەکان و کاتی دیاری کراو بۆ تاقیکردنەوەکە بکرێت , بە شێوەیەک کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی بۆ وانە/گورزەوانەیەک لە نێوان (٢-٣) کاتژمێر بێت بە پێی تایبەتمەندیان.

-5 پێویستە سەرۆکی بەش جەخت لەم خاڵانەی سەرەوە بکاتەوە لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە.

### ماددەی پێنجەم:

-1 پەڕاوی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە پێویستە ئەم زانیاریانە خوارەوە لەخۆ بگرێت :

**أ.** ناوی زانکۆ و کۆلێژ یان پەیمانگە و بەش یان بەشی (لقی) زانستی .

**ب.**ناوی بابەت یان مۆدیوول .

**ت.**وەرزی خوێندن

**ث.**بەرواری (ڕێکەوتی) تاقیکردنەوە.

**ج.** ناوی مامۆستا یان ئەو مامۆستایانەی بەشداربوون لە دانانی پرسیارەکان .

-2 پێویستە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بە شێوەیەکی ڕوون چاپبکرێت، وە بەدەربێت لە هەڵەی ڕێنوس و زمانەوانی.

-3 پێویستە هاوسەنگی هەبێت لە دابەشکردنی نمرە لە سەر پرسیارەکان بەشێوەیەک پرسیارە گرنگەکان نمرەی زیاتریان بۆ دابنرێت و لەسەر پەڕاوی تاقیکردنەوە دیاری کرابێت .

### ماددەی شەشەم:

زانکۆ و پەیمانگاکان تاقیکردنەوەی زارەکی (شفهی ) لە هەندێک بابەت ئەنجام دەدەن کە لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا دیاری دەکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی تواناکانی قوتابی لە ڕووی زانستی و کەسایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە :

1. تاقیکردنەوەی زارەکی (شفهی) لە لایەن لیژنەیەکەوە ئەنجامدەدرێت کە بە لایەنی کەم سێ مامۆستای تێدابێت وە دەکرێ مامۆستا لە کۆلێژێک یان زانکۆیەکی تر بانگهێشت بکرێت کاتێک کە مامۆستا لەو پسپۆریە لە کۆلێژەکە یان زانکۆکە نەبوو .
2. پێویستە هەموو ئەندامانی لیژنە پرسیار ئاراستەی قوتابی/خوێندکار بکەن .

3. هەر ئەندامێك لە لیژنەکە نمرەی خۆی بە شێوەیەکی نهێنی دادەنێت , و تێکرای نمرەی ئەندامانی لێژنە دەبێتە نمرەی کۆتایی , بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئاستی گشتی قوتابی/خوێندکار بکرێت .
4. لیژنەی تاقیکردنەوەی زارەکی (شفهی) , ماوەی تاقیکردنەوە بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێک دیاری دەکەن بەپێی سروشتی بابەتەکە , بە مەرجێک لە (15) خولەک کەمتر نەبێت .

## ماددەی حەوتەم :

1. لە سیستەمی خوێندنی ساڵانە و کۆرسات تاقیکردنەوەی کۆتایی هەموو ئەو بابەتانە دەگرێتە خۆ کە قوتابی/خوێندکار لە ماوەی خوێندنی وەرز یان ساڵ وەریگرتوون.
2. لە پێواژووی بۆلۆنیادا، قوتابی/خوێندکار تاقیکردنەوە لە هەموو ئەو مۆدیولانە دەکات کە تۆماری کردووە لە وەرزی خوێندن و مافی بەشدارکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی لە لایەن مامۆستا پێدەدرێت.

## مادەی هەشتەم :

1. مامۆستایانی وانەبێژ دەبێت پابەند بن بە دارشتنی پوختەی وانەکانیان (کۆرس بوک)، پێویستە پوختەی وانەکان لە سەرەتای وەرزی خوێندندا بدرێت بە قوتابی/خوێندکار، لە دوای وردبینی و ڕەزامەندی سەرۆکی بەش/کۆلێج.
2. . هەر (بەش/کۆلێج )ێک پێویستە کەتەلۆگی پرۆگرامەکانی بە شێوەیەک ئامادە بکات کە بۆ هەموو مامۆستایان و قوتابی/خوێندکاران بەردەست بێت .

## ماددەی نۆیەم :

ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا , لیژنەیەك یان زیاتر بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی لە مامۆستایانی پسپۆر و شارەزا پێکدەهێنێت.

## ماددەی دەیەم :

کەمترین نمرەی دەرچوون بۆ هەر بابەتێک (50%) دەبێت .

## ماددەی یازدەیەم :

1. لە سیستەمی ساڵانە و کۆرسات ئەگەر قوتابی/خوێندکار لە خولی دووەم نە یتوانی کەمترین نمرەی دەرچوون بە دەست بهێنێت لە هەر بابەتێک کە تاقیکردنەوەی تیادا ئەنجام دەدات , یان بەشداری نەکرد لە تاقیکردنەوە , ئەوە بە کەوتوو هەژمار دەکرێت لەم ساڵە دا , و ساڵەکە

دووبارە دەکاتەوە , بەڵام تەنها ئەو بابەتانە وەردەگرێت و تاقیکردنەوەیان تیادا ئەنجام دەدات کە ساڵی پێشوو تیایدا دەرنەچووە.

2. لە سیستمی ساڵانە و کۆرسات قوتابی/خوێندکاری کەوتوو لێخۆشبوونی بۆ دەکرێت لە و بابەتانەی کە لە پرۆگرامی خوێندن لادراون , و لە جێگایان پێویستە ئەو بابەتە نوێیانە بخوێنێت کە بەهۆی گۆرینی پرۆگرامەکانی خوێندن دانراون , لە کاتی تەواوکردنی خوێندن ئەو بابەتانەی بۆ ئەژمار دەکرێت کە لەکاتی دەرچون لەگەڵ هاوپۆلەکانی وەریگرتووە .
3. لە پێواژووی بۆلۆنیا قوتابی/خوێندکار ڕێگەپێدراوە بە ئەنجامدانەوەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیولانەی کە تیایدا دەرنەچووە تا چوار (4) هەوڵ سەرەڕای تاقیکردنەوەی یەکەم (جگە لە پرۆژەی کۆتایی و مەشق و ڕاهێنان) بە مەرجێک لە هەر ساڵێکی ئەکادیمی لە دوو هەوڵ زیاتر نەبێت.

## ماددەی دوازدەیەم :

1. لە سیستەمی ساڵانە و کۆرسات ئەگەر قوتابی/خوێندکار ڕێژەی نەهاتنی لەهەر بابەتێک لە (10%) تێپەری کرد بەبێ هۆکار و هەتا (15%) ئەگەر هۆکارەکی هەبوو کە ئەنجومەنی کۆلێژ بریاری لەسەر دەدات , بە کەوتوو هەژمار دەکرێت .
2. لە پێواژووی بۆلۆنیا قوتابی/خوێندکار پێویستە بەشداری لە هەموو چالاکییەکانی شێوازی فێربوونی ڕاستەوخۆ (وانەی تیۆری، پراکتیکی، بواری کار و مەشقی هاوینە و ... هتد.) بۆ هەر مۆدیوولێک بکات. قوتابی/خوێندکار بێبەش دەکرێت لە بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەو مۆدیوولانەی کە ڕێژەی ئامادەنەبوونی زیاتر بێت لە 10 % ی چالاکی فێربوونی ڕاستەوخۆ و ئەمەش وەک هەوڵ ئەژمار ناکرێت.

## ماددەی سیازدەیەم :

لە سیستەمی ساڵانەو کۆرسات بابەتە پراکتیکیەکان کە تاقیکردنەوەی کۆتاییان نیە , ئەوا خولی دووەمیان نابێت , ئەمەش ئەنجومەنی کۆلێژ لەسەرەتای ساڵی خوێندی دیاری دەکات .

## مادەی چواردەیەم :

1. لە سیستەمی ساڵانەو کۆرسات نابێت تاقیکردنەوەی خولی دووەم دوا بخرێت .
2. لە پێواژووی بۆلۆنیا :

أ. قوتابی/خوێندکار مافی کشانەوەی دەبێت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە ماوەیەکی دیاریکراو کە بەش دیاری دەکات پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی و ئەمەش وەک هەوڵ ئەژمار ناکرێت.

**ب.** لە کاتی کشـــانەوەی قوتابی/خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرز ئەگەر ســـەرجەم چالاکییەکانی تایبەت بە مۆدیوولەکەی ئەنجام دابوو ئەوا پێویســـت بە دووبارە کردنەوەی مۆدیوول ناکات و تەنها بەشدار دەبێت لە تاقیکردنەوەی کۆتایی لە وەرزەکانی داهاتوو.

**ت.** ئەو قوتابی/خوێندکارەی لە کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی نەیتوانی بەشـــدار بێت بە هۆکاری کتوپڕ (لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی)، ئەوا دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی حوکمەکانی هەردو بڕگەی ( أ و ب)ی ئەم مادەیە دەیگرێتەوە.

## ماددەی پازدەیەم :

1. لە سیستەمی ساڵانە و کۆرسات نمرەی کۆتایی بۆ قوتابیانی/خوێندکارانی دەرچوو (ناجح) لە خولی دووەم دائەبەزێنرێت بەم شێوەیە :

**أ.** ئەگەر ئامادە نەبوونی قوتابی/خوێندکار لە خوولی یەکەم بە پاساوێکی ڕەوا بوو بە پێی هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا، ئەوا نمرەکانی بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت :

(50) + ( 75% )ی ئەو نمرەیەی کە لەسەروو (50)ەوە بەدەستی دەهێنێت.

**ب.** ئەگەر ئامادە نەبوونی قوتابی/خوێندکار لە خولی یەکەم بەبێ پاساو بوو ئەوا نمرەکەی بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت :

(50)+ ( 50% )ی ئەو نمرەیەی کە لەسەروو (50)ەوە بەدەستی دەهێنێت.

2. لە پێواژووی بۆلۆنیا نمرەی قوتابی/خوێندکار بۆ هەر هەولێک وەک خۆی هەژمار دەکرێت.

## مادەی شازدەیەم :

**1.** لە سیستەمی ساڵانە و کۆرسات تێکرای نمرەی قوتابی/خوێندکار بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

**أ.** تێکڕای نمرەی قوتابی/خوێندکار لەسەر بنچینەی ئەو نمرانەی کە بەدەستی هێناوە بۆ هەر بابەتێك لە بەرچاو دەگیرێت .

**ب.** هەر یەکەیەکی خوێندن (الوحدة الدراســـية) دادەنرێت بەهەوڵی یەك ســـەعاتی تێوری (نظري) هەفتانە بۆ ماوەی (15) هەفتە .

**ت.** لە خوێندنی کۆلێژەکان دوو سەعات یاخود سێ سەعاتی پراکتیکی (عملی) یەکسانە بە یەك سەعاتی تیۆری (نظري) ئەگەر زیاتر لە سێ ســـەعاتی پراکتیکی بوو ئەوە یەکســـانە بە دوو ســـەعاتی تیۆری بەڵام لە خوێندنی تەکنیکی یەك سەعاتی پراکتیکی (عملی) یەکسانە بە یەك سەعاتی تیۆری (نظری) .

**2.** لە پێواژووی بۆلۆنیا تێکرای نمرە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

$$\text{تێکڕای نمرەی دەرچوون} = \frac{\text{کۆی گشتی } \{(\text{ نمرەی مۆدیوول}) \times (\text{ژمارەی کرێدیتی مۆدیوول})\}}{\text{کۆی ژمارەی کرێدیتەکان}}$$

لە زانکۆکاکانی هەرێمی کوردستان هەر یەکەیەکی (ECTS) کرێدیت ئەژماردەکرێت بە 27 کاتژمێری فێربوون جگە لەو پرۆگرامانەی کە بە شێوەی هاوبەش لە گەڵ زانکۆکانی دەرەوەی وڵات جێبەجێ دەکرێن.

### ماددەی حەڤدەیەم:

1- لە سیستەمی ساڵانە و کۆرسات ریزبەندی دەرچوون بۆ هەر قوتابی/خوێندکارێك هەژمار دەکرێت لەسەر بنچینەی لێکدانی تێکڕای نمرەکەی بۆ هەر ساڵێك لەو ڕێژە سەدیانەی لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە لە بەرامبەر هەر ساڵێکی خوێندندا، کۆی نمرە ئەژمارکراوەکانی ساڵەکانی خوێندن دەبێت بە تێکڕای نمرەی دەرچوونی قوتابی/خوێندکار:

**أ.** پەیمانگاکان : ئەو قوتابیانەی/خوێندکار انەی کە ماوەکەیان دوو ساڵە دابەش کردنی ڕێژەی ساڵەکان بەم شێوەیە دەبێت :

ساڵی یەکەم 40%

ساڵی دووەم 60%

**ب.** ئەو کۆلێژانەی ماوەی خوێندن تیایدا چوار ساڵە ئەوا دابەش کردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیە دەبێت:

ساڵی یەکەم 10%

ساڵی دووەم 20%

ساڵی سێ یەم 30%

ساڵی چوارەم 40%

**ت.** ئەو کۆلێژانەی ماوەی خوێندن تیایدا پێنج ساڵە ئەوا دابەش کردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیە دەبێت:

ساڵی یەکەم 5 %

ساڵی دووەم 10%

ساڵی سێ یەم 20%

ساڵی چوارەم 25%

ساڵی پێنجەم 40%

**ث.** ئەو کۆلێژانەی ماوەی خوێندن تیایدا شەش ساڵە ئەوا دابەش کردنی ڕێژەی ساڵانە بەم شێوەیە دەبێت:

ساڵی یەکەم 5 %

ساڵی دووەم 5 %
ساڵی سێ یەم 10%
ساڵی چوارەم 15%
ساڵی پێنجەم 25%
ساڵی شەشەم 40%

ج. جێبەجێکردنی برگەی (ت ) و(ث) لەم مادەیە دەست پێدەکات لەسەر ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی کە وەرگیراون لە ساڵی خوێندنی (2010-2009) ، ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەی کۆن جێ بەجێ دەکرێت لە سەر ئەو قوتابیانەی/خوێندکارانەی کە وەرگیراون پێش ساڵی خوێندنی ناوبراوی سەرەوە .

-2 لە پێواژۆی بۆلۆنیادا، ریزبەندی قوتابی/خوێندکار بۆ دەرچوون لەسەر تێکڕای نمرەی هەموو بابەتەکان بە لێکدانی ژمارەی کرێدیتەکەی، دابەشی کۆی کرێدیتی ساڵانی خوێندن هەژمار دەکرێت .

### ماددەی هەژدەیەم:

1. ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت کە ئاماژەیە بۆ ئاستی قوتابی/خوێندکار لە نێوان سەرکەوتواندا لە ڕووی نمرەوە:

| Marks | Level | |
|---|---|---|
| 90 - 100 | Excellent | نایاب |
| 80 - < 90 | Very Good | زۆر باش |
| 70 - < 80 | Good | باش |
| 60 - < 70 | Medium | ناوەند |
| 50 - < 60 | Pass | پەسەند |
| 0 - < 50 | Fail | کەوتوو |

2. داشکاندنی نمرە کاری پێناکرێت و نمرەی کەرت تا سێ ژمارە وەک خۆی هەژمار دەکرێت.

### ماددەی نۆزدەیەم :

لە سیستەمی ساڵانەو کۆرسات ئەنجومەنی زانکۆ لە سەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی کۆلێژ یان ئەنجوومەنی پەیمانگا ئەتوانێت ساڵی کەوتن بۆ قوتابی/خوێندکار هەژمار نەکات ئەگەر کەوتبێت لەو بابەتەی بەشداری نەکردوە لە تاقیکردنەوەی خولی دووەم لە ساڵی دووەم بە هۆکارێك لە دەرەوەی ویستی خۆی یان بەهۆی هێزێکی زاڵەوە (قوە قاهرە) لە ماوەی دیاریکراو بۆ تاقیکردنەوە .

### مادەی بیستەم :

پەیوەندی قوتابی/خوێندکار بە کۆلێژ یان پەیمانگا کۆتای دێت لە یەکێك لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە :-

-1 لە سیستەمی ساڵانە کۆرسات ئەگەر قوتابی/خوێندکار ر دوو ساڵی یەك لە هەمان قۆناغدا کەوت .
-2 لە سیستەمی ساڵانە کۆرسات ئەگەر ماوەی خوێندن (جارونیوێك)ی ماوەی دیاریکراوی بۆ خوێندن تێپەڕاند، بە هەژمار کردنی ساڵانی دواخستن و ساڵانی کەوتن بۆ قوتابیانی/خوێندکارانی کۆلێژ، بەڵام ساڵانی دواخستن هەژمار ناکرێت لە ماوەی ناوبراو بۆ خوێندکارانی پەیمانگاکان. .
-3 لە پێواژووی بۆلۆنیا ئەگەر قوتابی/خوێندکار میچی (سقف)ی خوێندنی لە ماوەی دیاریکراو بۆ هەر ئاستێک (Cycle) تێپەڕاند کە بریتیە لە جارونیوێك لە ماوەی ئاسایی دیاریکراو بۆ خوێندنی پرۆگرامەکە.

## مادەی بیست و یەک :

1. لە سیستەمی ساڵانە کۆرسات ئەگەر گزی غەشی قوتابی/خوێندکار سەلمێنرا لە هەر یەکێك لە تاقیکردنەوەکانی ڕۆژانە یان هەفتانە یان کۆتایی بەکەوتو هەژمار دەکرێت لە سەرجەم مادەکانی بۆ ئەو ساڵە وە ئەگەر دووبارەی کردەوە ئەوا سڕینەوەی ناوی بۆ دەکرێت.
2. لە پێواژووی بۆلۆنیا :

**أ.** ئەگەر سەلمێندرا قوتابی/خوێندکار لە هەڵسەنگاندنی ناو وەرز (ڕۆژانە) یان کۆتایی وەرز گزی کرد، لە هەموو مۆدیوولەکانی تۆمار کراو لەو وەرزە بە کەوتووو دادەنرێت.
**ب.** قوتابی/ خوێندکار دەبێت ئەو مۆدیوولانە لە وەرزەکانی دواتر تۆمار بکات و وەریانبگرێتەوە.
**ت.** بۆ ئەو مۆدیولانەی کە قوتابی/خوێندکار لە وەرزەکانی پێشوودا بەشداری تێدا کردووە بەڵام لەو وەرزە خۆی تۆمارکردبو بو ئەنجامدانی تاقیکردنەوی کۆتایی، ئەوا لە حاڵەتی گزیدا ئەو مۆدیوڵانەش بە کەوتوو بۆی هەژمار دەکرێن و بەڵام لە وەرزەکانی دواتر قوتابی/خوێندکار تەنها هەولی تاقیکردنەوە دەدات بەبێ دووبارە کردنەوەی ئەو مۆدیولانە.
**ث.** ئەگەر قوتابی/خوێندکار بۆ جاری دووەم لە هەڵسەنگاندنەکانی ناو وەرز یان کۆتایی وەرز گزی بکات ئەوا قوتابی/خوێندکار سڕینەوەی ناو (تەرقین قید) ی بۆ ئەنجام دەدرێت.

## مادەی بیست و دوو :

-1 لە سیستەمی ساڵانەو کۆرسات:-

**أ.** قوتابی/خوێندکار ئەتوانێت خوێندنەکەی دوابخات بۆ یەك ساڵ بە هۆکارو پاساوی ڕەوا (مشروع) کە جێی باوەڕ بێت لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژ یان پەیمانگا و پێویستە داواکاری دواخستن پێشکەش بکات لانی کەم مانگێك پێش دەست پێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی .
**ب.** سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە لە سەر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی کۆلێژ یان ئەنجوومەنی پەیمانگا خوێندنی خوێندکار بۆ جاری دووەم دوابخات بە هۆکارو پاساوی ڕەوا (مشروع) کە جێی باوەڕ بێت، پێویستە داواکاری دواخستنی خوێندن لانی کەم مانگێك پێش دەست پێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی پێشکەش بکرێت.

**ت.** ڕێگە نادرێت بە دواخستنی وەرزی دووەمی خوێندن لەو کۆلێژ و پەیمانگایانەی سیستەمی خوێندن تیایدا وەرزیە، جگە لە بوونی هۆکارێکی زاڵ لە دەرەوەی ویستی خوێندکار، ئەمەش دوای دەرچوونی خوێندکار دەبێت لە وەرزی یەکەم وە لەم حاڵەتەدا دواخستنی خوێندن بۆ ساڵی خوێندن بۆ هەردوو وەرزەکە دەبێت .

**ج.** وەزیر بۆی هەیە لە سەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی زانکۆ لە کاتی بوونی بارودۆخێکی زاڵ (ظروف قاهرة ) خوێندنی خوێندکار دوابخات بۆ جاری سێیەم و کۆتایی.

-2 لە پێواژووی بۆلۆنیا :-

**أ.** قوتابی/خوێندکار مافی دواخستنی وەرزەی خوێندنی هەیە و ماوەی دواخستنی خوێندنەکەی بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی کورت مەودا (Short Cycle) و ئاستی یەکەم (First Cycle) بریتییە لە نیوەی هێندەی ماوەی ئاسایی دیاریکراو بۆ خوێندنی پرۆگرامەکە.

**ب.** دواخستنی خوێندن بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی کورت مەودا (Short Cycle) بۆ یەک وەرز لە سەر میچی خوێندنی قوتابی/خوێندکار هەژمار ناکرێت.

**ت.** دواخستنی خوێندن بۆ پرۆگرامەکانی ئاستی یەکەم (First Cycle) بۆ دوو (2) وەرز لە سەر میچی خوێندنی قوتابی/خوێندکار هەژمار ناکرێت.

### مادەی بیست و سێ:

پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی هیچ جۆرە پشوویەک نابێت، پێویستە ماوەی نێوان کۆتایی خوێندن و دەستپێکردنی تاقیکردنەوەکان لە سێ ڕۆژ تێپەڕ نەکات .

### مادەی بیست و چوار :

سەرجەم مادەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ خوێندنی بەرایی لەلایەن فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون جێبەجێ دەکرێن. بۆ خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا) لەلایەن فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان جێبەجێ دەکرێت.

### مادەی بیست و پێنج:

سەرجەم زانکۆ و دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق پابەند دەبن بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

### مادەی بیست و شەش :

-1 لە سیستەمی ساڵانەو کۆرسات کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشوو ناکرێت.

-2 لە پێواژووی بۆلۆنیا بۆ وردەکاری زیاتر پێویستە زانکۆکان بگەڕێنەوە بۆ دەقی ڕێبەری جێبەجێکردنی پێواژۆی بۆلۆنیا کە بە گشتاندنی ژمارە (١٧٢٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٧) بۆ سەرجەم زانکۆکان نێردراوە.

## مادەی بیست و حەوت :

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچونی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.